گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# جوانیەکانی بەکارخستنی ڕووناکی و ڕەنگ لە فیلمی سینەماییدا فیلمی (تایتانیک) بە نموونە

**م.ی. دانا محمد عبدلله**
بەشی سینەما و شانۆ، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی صلاحەدین، هەرێمی کوردستان، عێراق
Dana.abdulla@su.edu.krd

**پ.ی.د. ژیلوان طاهر باپیر**
بەشی سینەما و شانۆ، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی صلاحەدین، هەرێمی کوردستان، عێراق
zhilwan.bapir@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٥/١/٢
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٢/٤
بڵاو کردنەوە:هاوین٢٠٢٥

**ووشە سەرەکییەکان**

*Aesthetics, Color Light, film cinama Titanic.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.2.22

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (جوانیەکانی بەکارخستنی ڕووناکی و ڕەنگ لە فیلمی سینەمایی) دا فیلمی تایتانیک بە نموونە، توێژینەوەیەکی شیکاری وەسفییە، تیشک دەخاتە سەر شێوازی بەکارخستنی ڕووناکی و ڕەنگ لە فیلمی سینەماییدا. توێژەران بەزانستی بەکارهێنانی ڕۆڵی هەردوو ڕەگەزی ڕووناکی و ڕەنگە لە بواری سینەمادا، چونکە سەرجەم لۆکەیشنەکانی فیلمی سینەمایی کە بەهۆی سینەماتۆگرافیاوە وێنەدەگیرێت، پێکهاتەی ڕەنگاوڕەنگن بەپێی بارودۆخ و کەش و هەوای شێوە و ناوەڕۆکی فیلمەکە. ڕووناکی و ڕەنگ دوو ڕەگەزی سەرەکی زۆر گرنگن کە پێویستە بەشێوەیەکی هونەری و زانستی لە فیلمی سینەماییدا بەکاربخرێن. هەروەها ئامانج و پەیامی فیلمەکە بگەیەنێتە بینەران، هەر بەهۆی ڕووناکی فیلمەوە بینەران ئاشنای ژانری فیلم دەبن کە تراژیدی و کۆمیدییە یان ڕۆمانسییە و کۆمەڵایەتییە. ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەش پێکدێت، بەشی یەکەم بریتیە لە میتۆدی توێژینەوە کە پێکهاتووە لە (گرفتی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئامانجی توێژینەوە ، میتۆدی توێژینەوە و سنووری توێژینەوە). بەشی دووەم بریتیە لە چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە کە لە چوار تەوەرە پێکهاتووە (تەوەری یەکەم/ بەهای ڕووناکی و ڕەنگ لە ژیانی کۆمەڵگەدا، تەوەرەی دووەم/ هێما و ئاماژەکانی ڕووناکی و ڕەنگ، تەوەرەی سێیەم/ ڕۆڵی ڕووناکی و ڕەنگ لە فیلمی سینەماییدا، تەوەری چوارەم/کاریگەری درامی لە ڕووناکی و ڕەنگدا).
بەڵام بەشـــی ســـێیەم پێکهـاتووە لە جێبەجێکردنی توێژینەوە کە پێکهاتووە لە کۆمەڵگای توێژینەوە و ڕێبازی توێژینەوە و ئامرازەکانی توێژینەوە و نموونەی توێژینەوە کە بریتیە لە شـــیکردنەوەی (فیلمی تایتـانیک) لە ســـینـاریۆ و نووســـین و دەرهێنـانی دەرهێنەری جیهـانی (جەیمس کامیرۆن). هەروەرها لە بەشـــی چوارەم و کۆتایی ئەنجام و پێشنیار و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕوو.

## 1.پێشەکی

لەهونەری سینەمادا ئەگەر کامێرا چاوی دەرهێنەر بێت، هەڵبەتە بەبێ بونی ڕووناکی و ڕەنگ ناتوانێت کەشوهەوایەکی درامی و هونەری و ئێستاتیکی بەرجەستە بکات، جا ئەو ڕووناکییە سروستی بێت یان دەستکرد، بەپێی قۆناغەکانی گەشەسەندنی تەکنیك و تەکنەلۆژیا ڕووناکیش بەهەمان شێوە گەشەی زۆری بەخۆیەوە بینیوە.

لە ئێستادا ڕووناکی و ڕەنگ وەکو ڕەگەزێکی سەرەکی سینەماتۆگرافی، بەتەواوی فەزای لۆکەیشنەکانی فیلمی بەرفراوانکردووە، چونکە ڕووناکی و ڕەنگ لەتوانایاندا هەیە کەشێکی سایکۆلۆژی و تەکنیکی و فەنتازی بەوێنە ببەخشن، بینەر رابکێشنە ناو قوڵای دیمەنە درامیەکاندا. ڕووناکی و ڕەنگ بەشداریەکی کاریگەر دەکەن لە دیاریکردنی کات و شوێنی ڕووداوەکان، چونکە لە ناو فیلمدا هیچ لۆکەیشنێك بەبێ ڕووناکی خستنە سەر نابینرێت و بەهای نیە، روناکی ڕۆڵێکی کاریگەر

دەبینێت لە خوڵقاندنی پەیوەندی نێوان ئەکتەرەکان و دەرخستنی هێما و ئاماژەکانی روخساریان بە پێی ئەو رۆڵەی کە دەیگێرن.
هاوکات بەکارهێنانی رووناکی لە سیکوێنسێکدا دەبێتە هۆی باشتر تێگەیشتن لە گێرانەوەی چیرۆکی فیلمەکەدا یان زیاتر قوڵبونەوە بۆ ناو دیمەنە درامیەکان، بەشێوەیەکی گشتی رووناکی و رەنگ لە رووی فیسیۆلۆژی و سۆسۆلۆژی و سایکۆلۆژی و ئێستاتیکی رۆڵێکی کاریگەر دەبینن لە بونیادی درامی فیلم

## 1-1 - گرفتی توێژینەوە:

هونەری سـینەما وەکو هونەری حەوتەم سـەرجەم هونەرەکانی لەخۆگرتووە. ئەگەر ئاورێك لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی سینەما بدەینەوە، بەهۆی نەبوونی رووناکی دەستکرد گەورەترین گرفت کەوتە بەردەم فیلمسازان، چونکە نەیاندەتوانی دیمەنەکانی ناوەوە بەجوانی وێنەبگرن، لەهەمانکاتدا بەهۆی نەبوونی تەکنیکی سینەمایی پێشکەوتوو سەرجەم بینراوەکان بەرەش و سپی دەردەکەوتن. بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی تەکنیکی رووناکی و رەنگ فیلمی سـینەمایی توانی چێژێکی ریالیزمی ببەخشێت بە بینەران. ئەوەی مەبەستمانە لەم توێژینەوەیەدا تیشکی بخەینە سەر هەردوو ڕەگەزی ڕووناکی و ڕەنگە. لە هونەری سـینەمادا ڕوناکی و ڕەنگ چەندین هێما و دەلالەتی درامی لەخۆ دەگرێت، ئامرازێکی کاریگەرە لە ڕێکخستن و دروستکردنی پەیوەندی نێوان ڕەگەزەکانی پێکهاتەی فیلم. هەروەها ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینن لە دیارخستنی لۆکەیشن و پانتایی و کوتلە و کات و شوێنی ڕووداوە درامییەکان. ئەوەی شـایەنی باسـە ڕووناکی و ڕەنگ لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا زۆر گرنگە، سـەرجەم کاڵاکان کە دیزاینی جۆراوجۆری بۆ کراوە لە ڕێگەی ڕەنگەکانەوە سـەرنجی بینەر بۆ خۆی ڕادەکێشـێت و هەریەک لە ڕەنگەکان هێما و دەلالەتی سـیمۆلۆژی بەخۆیانەوە دەگرن، لە فەزای لۆکەیشـنی سـینەماییدا هەر وێنەیەک کە لەمیانی کامێراوە وێنەی دەگیرێت پێکهاتووە لە چەندین ڕەنگی جۆراوجۆر کە بەهۆی ڕووناکییەوە دەردەکەون و مانا دەبەخشـن، هەروەها ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە دیاریکردنی ریتمی پێکهاتەکانی دیمەنی سینەمایی و تەکنیکی هونەری. ڕووناکی و ڕەنگ

بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە هونەری ســینەمایی دا چەندین مانا و دەلالەتی ڕەمزی لەخۆ دەگرێت. هەربۆیە لەمیانی ئەم توێژینەوەیەدا بە پرسیارێکی سەرەکی دەکەین:

پرسیار: بەکارخستنی رووناکی و ڕەنگ چی جوانییەك بە فیلم دەبەخشێت؟

**1-2- گرنگی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ئەم ناوەند و کەسایەتیانەی خوارەوە.

1) لەرووی تیۆری و ئەکادیمی لە کوردستادا گرنگی بۆ ناوەندە ئەکادیمی و توێژەر و ڕەخنەگرانی بواری سینەما هەیە.
2) لە رووی پراکتیکی وپیشەیی گرنگی بۆ ئەکتەر و بەرهەمهێن و دەرهێنەری فیلم و دیزاینەری جلوبەرگ و دیکۆر و ئێکسسوار و ئارایشت هەیە.
3) سوودی بۆ کۆمەڵگەی کوردی هەیە بەتایبەت بینەران و ئەو هونەرمەندانەی کاری تەکنیکی هونەری دەکەن لە پرۆژەی سینەماییدا.

**1-3 - ئامانجی توێژینەوە:**

1- دەست نیشانکردنی ڕۆڵی بەکارهێنانی هەردوو ڕەگەزی ڕووناکی و ڕەنگە لە بواری سینەمادا، چونکە سەرجەم لۆکەیشنەکانی فیلمی سینەمایی کە بەهۆی سینەماتۆگرافیەوە ئەنجام دەدرێت، پێکهاتەی ڕەنگاوڕەنگن بەپێی بارودۆخ و کەش و هەوای شێوە و ناوەڕۆکی فیلمەکە.
2- زانینی ئاستی بەکارخستنی جوانی رووناکی و رەنگ لە فیلمدا.
3- خستنەرووی شێوازی جوانی رووناکی و رەنگ لە فیلمی تایتانیك.

**1-4 - میتۆدی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (جوانیەکانی بەکارخستنی ڕووناکی و ڕەنگ لە فیلمی سینەماییدا (فیلمی تایتانیک) بە نموونە) میتۆدی شیکاری لە جۆری وەسفییە تیشک دەخاتە سەر تەکنیکی

ڕووناکی و ڕەنگ وە چۆنیەتی بەکارخستنی لە فیلمی سینەماییدا لەسەر بنەمایەکی هونەری و ئیستاتیکی لەلایەن پسپۆری تایبەت بەم بوارە ئەنجامدراوە.

**1-5 - سنوری توێژینەوە:**

بۆ ئەم مەبەستە لەمیانی ئەم توێژینەوەیەدا، توێژەران شیکردنەوە بۆ فیلمی (تایتانك) دەکەن کەلە ساڵی 1997 بەرهەم هاتووە، کە بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵ تیشک دەخەنەسەر هێما و ئاماژە و دەلالەتەکانی هەردوو ڕەگەزی تەکنیکی ڕووناکی و ڕەنگ لە فیلمی (تایتانیک)دا. کە بەرهەمی ئەمریکا – ستۆدیۆی (The 20th Century Fox) و (Paramount Pictures).

**1-2 - بەهای ڕووناکی و ڕەنگ لە ژیانی کۆمەڵگەدا:**

بەهای ڕووناکی و ڕەنگ لە ســـەرجەم کات و ســـاتەکانی ژیاندا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە وێنەکانی ژیان بە سـروشـتی و هونەرە دەسـتکردەکانەوە سـەرجەمیان لەمیانی ڕووناکی و ڕەنگەوە چێژ دەبەخشن بە مرۆڤ. جا ئەم ڕەنگ و ڕووناکییە سروشتی یاخود دەستکرد بێت، هەموو کەرەستە و پێداویسـتییەکانی مرۆڤ ڕەنگا و ڕەنگن هەربۆیە ڕووناکی و ڕەنگ دوو ڕەگەزی گرنگن، کە هەڵگری چەندین پەیام و مانا و ئاماژەی سیمۆلۆژی و سۆسیۆلۆژین لە ژیان و هونەردا.

ڕووناکی جۆرێکە لە جووڵەی وزە دوو تایبەتمەندی بنەڕەتی هەیە، "فریکوێنســـی" بە واتای ژمارەی شەپۆلەکان دێت، هەروەها "درێژی شەپۆل" بە واتای مەودای نێوان لوتکەی شەپۆلی ڕووناکی، کە بە ســـەرچاوەی ســـەرەکی دادەنرێت بۆ بەدەســـتهێنانی بینین و بەبێ ڕووناکی هیچ شـــتێک نابینرێت. (سلمان، 2005: 9)

هاوکات ڕوناکی سـەرچاوەیەکی سـەرەکیە بۆ ئەوەی بەهۆی ڕووناکیەوە بتوانین ڕەنگەکان ببینین، لە ڕوانگەی زانســـتی و فیزیکیەوە ناتوانین لێکیان جیا بکەینەوە چونکە هەردووکیان وەک دوو ڕەگەزی گرنگ ئاوێتەی یەکتر دەبن و یەکتر تەواو دەکەن.

مرۆڤ لەو کاتەی خۆی ناســـیوە توانیویەتی ئاشـــنایەتی لەگەڵ ڕەنگەکان پەیدا بکات. ڕەنگەکان بوونیان هەیە لەکاتی ڕۆژهەڵاتن و ڕۆژئاوابوون، ئاسمان و مانگ و ئەستێرەکان و سەرتاپای سروشت

هەرهەموویان پێکهاتەی ڕەنگین خۆر سەرچاوەیەکی سەرەکیە بۆ بینینی ڕەنگەکان، کاتێک خۆر ئاوا دەبێت ڕەنگەکانیش تاریک دەبن و نابینرێن. ( فیشــر، 1973: 84) هەروەها ڕەنگ ڕەگەزێکە لەو ڕەگەزە گرنگانەی کە مرۆڤ هەر لە ســەرەتاوە تاکو ئەمڕۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکات بۆ ناســینەوە و بەهێماکردنی کەرەســتەکانی دەوروبەری. بۆ گۆڕینەوەی بیروبۆچوونی ڕوحی و کۆمەڵایەتی لەنێوان تاکەکانی ناو کۆمەڵگا و دەربڕینی هەست و سۆزی بەرامبەر بە خۆشەویستی بۆ ڕەنگەکان هەروەکو بەهێماکراوە کە ڕەنگی ســوور بۆ خۆشــەویســتی بەکاردەهێنرێت. (الألفی، 1973: 67) لە کۆمەڵگای پێشــکەوتووخوازەکاندا ڕەنگ کاریگەریەکی گرنگی هەیە لە بوژاندنەوەی کەرتی پیشــەســازی و بازرگانی و بواری پەروەردە و تەندروستی و ڕۆشنبیری و سەرجەم کایەکانی تری ناو کۆمەڵگا.

ئەگەر ڕەنگەکـان پۆلین بکەین، دەردەکەوێـت لە هەر ڕەنگێـک تـایبەتمەنـدی و نرخی خۆی هەیە و هەموو ڕەنگەکـان جوان و بەهـادارن، هەر بۆیە لە جـل و بەرگ و ئۆتۆمبێـل و مۆبیلیـات و میوە و خواردەمەنی و ســەرجەم کەرەســتەکانی دەســتکرد و ســروشــتی هەموو ڕەنگەکان دەبینرێت و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، هەســتکردن بە بەها و جوانی و ڕەنگەکانیش ڕێژەییە پەیوەندی بە باری کۆمەڵایەتی و ئابوری و ســایکۆلۆژی و ســروشــتی کەســەکەوە هەیە، لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، هەرهەمووشیان لە ڕێکخستندا ئاوێتەی یەکتر دەبن و پێکهاتەیەکی ڕەنگی پێک دەهێنن کە پێی دەگوترێت گونجاندنی ڕەنگی. لە ئەنجامی تێکەڵکردنی ڕەنگە سەرەکیەکان ڕەنگی ناوەندی پەیدا دەبن وەکو تێکەڵکردنی ڕەنگی ڕەش لەگەڵ ســپی ڕەنگی ڕەســاســی لێ دروســت دەبێت کە ڕەنگێکە بەشــێوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهێنرێت لە کاڵاکاندا. (حیدر، 1984: 59) هەروەها ئەگەر ســەیری ئاڵای وڵاتان بکەین چەندین ڕەنگ و هێما و وێنەی جۆراوجۆرمان بەرچاو دەکەوێت کە پەیوەندی بە فیکر و فەلســەفە و مێژوو و جوگرافیا و کەلتوری میللەتەکانەوە هەیە، کە توانراوە وەکو هێمایەکی پرشـنگدار مامەڵە لەگەڵ ڕەنگ و سـومبولەکاندا بکرێت و پێناسـەی وڵاتەکەی پێ بکرێت و خۆی پێ جیابکاتەوە لەگەڵ وڵاتانی تر. هەربۆیە ڕەنگ هێمای گەلانە و زادەی بیر و فەلســەفە و تێڕوانینی میللەتە جۆراوجۆرەکانە. فەیلەسـووفەکانی بواری زانسـتی جوانناسـی بە چەندین شـێواز باسـیان لە بەهای ڕەنگەکان کردوە و چەندین پێناســەیان بۆ داناوە کە لە شــێوە و ناوەڕۆکدا هەڵگری پەیامێکی ئاڕاستەکراون. هونەرمەندانی شـێوەکاری و تەلارسـازیش بەشـێوەیەکی پراکتیکی مامەڵەیان لەگەڵ

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەنگەکاندا کردووە و چەندین توێژینەوەیان لەســەر ڕەنگ ئەنجامداوە و پێیان وایە ڕەنگ ڕەگەزێکی ســەرەکیە لە نەخشــەدانانی هەر کەرەســتەیەک چونکە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا کە چاوی دەکاتەوە ڕەنگەکان دەبینێ و کاریگەریەکی ڕاســتەوخۆی هەیە لەســەر هەســت و دەروون و فەزای بینین، جوانیەکی بێ هاوتا بە مرۆڤ دەبەخشێت. (عبدالباسط، 2016: 41) بەشێوەیەکی گشتی ڕوناکی و ڕەنگ پانتاییەکی فراوان لە ژیانی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا داگیردەکەن هەر بۆیە گرنگی دان بە ڕوناکی و ڕەنگ لە ماڵ و شــەقام و پارک و نەخۆشــخانە و قوتابخانە و فەرمانگەکان و ســەرجەم شــوێنە گشــتیەکان بەشــێکی گرنگە لە پێشــکەوتن و ڕۆشــنبیری کۆمەڵگا بەتایبەتی لە ســەردەمی ئێســتادا کە سەردەمی زانستی نوێخواز و ئەنتەرنێت و جیهانگەریە.

## 2-2 - هێما و ئاماژەکانی ڕووناکی و ڕەنگ:

رووناکی و ڕەنگ هێما و ئاماژەی ئێجگار زۆر دەبەخشــن بەرەگەزەکانی فیلمی ســینەمایی. چونکە دەتوانن خەیاڵ و ئەندێشەی دەرهێنەر و وێنەگر و تەکنیککارانی فیلمی سینەمایی ببەنە فەزای زەوی و ئاســمان و ژێر دەریاکان. لە مێژووی هونەردا لە ســەردەمی یۆنانی کۆن تا دەگاتە ئەمڕۆ هەردوو ڕەگەزی ڕووناکی و ڕەنگ ئاوێتەی یەکتر بوونە و ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە لە دیارخســتنی وێنە و تابلۆ و کوتلە و سەرجەم کەرەستەکانی هونەری بینراو. هەروەکو هونەرمەندی شێوەکار (سیزان) دەڵێت: (ڕەنگ کاریگەری تەواوی لەســەر شــێوە هەیە، هێمایەکە بەشــداری دەکات لە پێکهێنانی شــێوە و ناوەڕۆک و هەســتکردن بە قەبارە و پانتایی لە فەزای بینراودا بەشــێوەیەکی ئیســتاتیکی. (رشــید، 2013: 83). هەروەها دەتوانن وێنەی میتافیزیکی ببەخشن بە وێنەکان. بینەر توشی سەرسورمان بکەن کە لەمیانەی دیمەنێکی ســینەمایی ســەدان تابلۆی شــێوەکاری پیشــانبدات، هەربۆیە پەیوەندی نێوان وێنە و رەنگ وەکو رووناکی و تاریکی گرنگی هەیە (بومنیر،2016: 71) ڕووناکی و ڕەنگ ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە کەرەستە بینراوەکاندا وە هاوکاری هەست و نەست و چاومان دەکات، بۆ تێڕوانینی قوڵ بەرامبەر ئەو شتانەی کە دەبینرێن و کاریگەری ڕەنگ مەودای بینینی بینەر بەشێوەی ستاتیکی دەخاتە ڕوو، هاوکات ڕووناکی و ڕەنگ بەیەکەوە هێزێکی فیزیکی و ســایکۆلۆژی و دراماتیکی پێکدەهێنن. دوای ئەوەی نیوتن لە ســاڵی 1676 توانی شــیکردنەوەی ڕووناکی و ڕەنگ بکات بەهۆی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شـــانەی ئاوێنەوە دەرگایەکی فراوان کرایەوە لەبەردەم گرنگیدان بە بەهای ڕەنگەکان، (مەســـعود، 2021: 69) وە توانرا ڕەنگەکان تێکەڵی یەکتر بکرێـت و ڕەنگی تریـان لێ پێکبهێنرێـت، وەکو ئەم نموونانەی خوارەوە:

- ڕووناکی سوور + شین = بنەوشەیی
- ڕووناکی سوور + سەوز= زەرد
- ڕووناکی شین + سەوز= شینی سەوزباو (عبدالوهاب، 2008: 124)

بۆیە کاتێک ڕەنگەکان بەســـەر جەســـتەی مرۆڤدا دادەبەزن گۆڕانکاری دروســـت دەکەن و کاریگەری دروســت دەکەن لەســەر دەموچاو، جلوبەرگ یان پێکهاتەکانی دیکۆر و ئێکســسوار و ئارایشــت لەناو پێکهاتەی لۆکەیشـــنی فیلمی ســـینەماییدا. هەندێک جلوبەرگ هەن ڕەنگەکان دەمژن و هەندێکی تر هەن ڕەنگەکـان فڕێ دەدەن، وە هەنـدێـک جـار ڕەنگەکـان تێکەڵی یەکتر دەبن، هەنـدێـک جـاریش ڕەنگەکان لەســـەر کەرەســـتەکان پێچەوانەوە دەبنەوە بۆ چاوی مرۆڤ یان بینەر ئەمەش کردارێکی فیزیـاییە و ئـاراســـتەی ڕەنگەکـان پێچەوانە دەکـاتەوە. وە هەر ڕەنگێـک تـایبەتمەنـدی خۆی هەیە و دەتوانین بەم ڕەگەزانەی خوارەوە بیانناسینەوە:

1) سیفەتی ڕەنگ
2) بەهای ڕەنگ
3) نمرەی تێربوون
4) پلەی گەرمایی

هەر ڕەنگێـک ســـیفەتی تـایبەتی خۆی هەیە و بە نمرەیەک گەرمـایی دەردەکـات هەربۆیە مرۆڤ لە زستاناندا پێویستە ڕەنگی گەرم لەبەر بکات و لە هاویندا ڕەنگی سارد لەبەر بکات کە هاوکاری دەکات لە جموجۆڵی لەشـــی. لە فیلمی ســـینەماییدا ڕەنگەکان پەیوەندی دروســـت دەکەن وە لە تەواوی پێکهاتەکاندا کە فەزای ســـینەما داگیر دەکەن، ڕەگەکان کەش و هەوا و ریتمی دیمەنەکان و جۆری ڕووداوەکان دیاری دەکەن لە فیلمی تراژیدیدا ڕەنگی ڕەش و ســـوور و ســـەوز و شـــین زۆر دووبارە دەبنەوە چونکە دەتوانن لەناو ڕووداوە دراماییەکان کاریگەری دروســـت بکەن و لە فیلمی کۆمیدیدا ڕەنگی ســپی و زەرد و پرتەقاڵی و شـینی کاڵ دەتوانن کاریگەری دروست بکەن لە دیمەن و ڕووداوە

دراميیەکان وە هەر ڕەنگێک بەهای تایبەتی خۆی هەیە، هەندێک لە ڕەنگەکان بوونەتە هێما و وەکو ئاماژە لە پێکهاتەکانی فیلمی سینەماییدا ڕۆڵی خۆیان بینیوە، بۆ نموونە ڕەنگی سوور بۆ دیمەنی ترسناک، کوشتن و کارەسات و بابەتە تراژیدییە ڕەشەکان بەکاردەهێنرێ و ڕەنگی سەوز ژیان یان ئایندەیە، ڕەنگی شین، خۆشەویستی و بەیەکتر گەیشتنە، بەهەمان شێوەش ڕەنگەکانی تر لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت. پێویستە لە تابلۆ وێنەییەکانی فیلمی سینەماییدا ڕێکخستن هەبێت لە نێوان دابەشکردن و پێکهاتەی ڕەنگەکاندا، چونکە سەرجەم ڕەنگەکانی دیکۆر و ڕووناکی و جلوبەرگ و ئارایشت بەیەکەوە بونیادی درامی تەواو دەکەن وە بەشێوەی ئیستاتیکی لەسەر بنەمایەکی فیکری و هونەری بەدەردەکەون. (حیدر، 1984: 127)

لەڕووی هونەری و فەلسەفییەوە ڕەنگەکان ڕەنگدانەوەیان لەسەر کاراکتەر و کەسایەتییەکانی ناو فیلم هەیە، چونکە لە ڕێگەی ڕەنگەکانەوە دەتوانین ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سایکۆلۆژی و شرۆڤە بکەین.

## 3-2 - ڕۆڵی ڕووناکی و ڕەنگ لە فیلمی سینەماییدا:

ڕووناکی و ڕەنگ دوو ڕەگەزی بینراون لە ڕێگەیانەوە سەرجەم وێنەکان بەشێوەیەکی کاریگەر دەردەکەون. ڕۆڵێکی سەرەکیان هەیە لە ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان سەرجەم کوتلەکان کەلەتوانایاندا هەیە بەشێوەی بۆیە و تیشکدانەوە دەربکەون وە ببنە هێمایەك بۆ جیاکردنەوەی ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانی لۆکەیشنی وێنەیی. (صالح، 1982: 55) هەردوو ڕەگەزی ڕووناکی و ڕەنگ چەندین ڕۆڵ دەگێڕن لە فیلمی سینەماییدا، چونکە چەندین هێما و ئاماژە و دەلالەت لەخۆ دەگرێت و بەشداری دەکەن لە سەرجەم پێکهاتەکانی تەکنیکی و هونەری لە فیلمدا کە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

### 1. ڕۆڵی ڕووناکی لە دیاریکردنی (کات)دا:

هەندێکجار بەبێ ئەوەی هیچ ڕوونکردنەوەیەک لەسەر سیکوێنسەکە هەبێت بینەر دەزانێ چ کاتێکە، چونکە بەڕێوەبەری وێنەگرتن کە بەرپرسی یەکەمی هەموو ئەو پێکهاتانەیە کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە چوارچێوەی شۆتێک نیشان دەدرێن، وای دیزاین کردووە کە بینەر هەست بکات زەمەنی ئەو شۆتەیە، لێرەدا دەبێت بزانین کە هەڵبژاردنی جۆری لایت و ڕەنگی ڕووناکییەکە دەرخەری کاتی ئەم شۆتەیە، ئەمەش بە پشتبەستن بە دیاردە سروشتییەکان، ئەگەرچی لە هەندێ فیلمی تایبەتدا، دیزاینی ڕووناکی بنەما سروشتییەکانی خۆی لەدەست دەدات.

## 2. ڕۆڵی ڕووناکی لە دیاریکردنی (شوێن)دا:

لەناو فیلمدا هیچ لۆکەیشنێک بەبێ ڕووناکی خستنەسەر بەهای نابێت، واتە کە ڕووناکی دەچێتە سەر شوێنێک ئەوسا هەست بە گرنگی شوێنەکە لەناو شۆتی فیلمەکەدا دەکەین و تێدەگەین ئەو شوێنە پەیوەندی بە حاڵەتە درامییەکە چییە. (پەیوەندی نێوان ڕووناکی و ڕەنگ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و بەهێزە. دەتوانرێت بگوترێت ڕەنگ ڕەگەزێکی سەرەکی ڕووناکییە.(سارة، 2019: 35)

## 3. ڕۆڵی ڕووناکی لە دیاریکردنی باری دەروونی کاراکتەر:

دۆخی سایکۆلۆژی کاراکتەر لە فیلمێک بۆ فیلمێکی تر، یان لە سیکوێنسێک بۆ سیکوێنسێکی تر دەگۆڕێت، ئەم گۆڕانکارییە لە ڕێی تەکنیکی ڕووناکی و ڕووداوەکانی دراماکە لەلایەک و ڕووناکی و جوڵانەوەی کامێرا لەلایەکی تر دروست دەبێت.

بۆ ئەوەی باشتر لە بەکارهێنانی ڕووناکی لە فیلمدا بگەین، ئاماژە بە دوو جۆر لە ڕووناکی دەدەین: (Hard Light and Soft Light) واتە ڕووناکی ڕەق و ڕووناکی نەرم، ئەم دوو جۆر دێتە بە شێوەیەک دیزاین دەکرێن کە هەریەکە و مانا و گوزارشتی خۆی هەبێت و بەپێی حاڵەتی درامی شۆتەکە و باری دەروونی کاراکتەر دەگۆڕێن.

بەشێوەیەکی سادە: ئەگەر حاڵەتی دەروونی کاراکتەر، شەڕ و گرژی و پڕ لە ململانێ بوو، ئەوە ڕووناکییەکە ڕەق دەبێت، واتە کۆنتراستی لایت زۆر دەبێت. هۆکاری بەکارهێنانی ئەم جۆرە ڕووناکییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم جۆرە کاراکتەرانە تەمومژاوین و ناتوانین

بەئاسانی ئاشنای بارە دەروونییەکەی بین. واتە ژیانی پڕە لە پێچاوپێچ و نادیاری، هەربۆیەش ڕووناکی بەشێک لە ڕوخساری ئەم جۆرە کاراکتەرانە نیشان دەدات.
هەروەها لە فیلمی سینەماییدا ڕەنگەکان لەمیانی تیشکی ڕووناکی دەردەکەون، جا ڕووناکییەکە سروشتی بێت یاخود ڕووناکی دەستکرد. پێویستە تیشکی ڕووناکییەکە بەشێوەیەک ئاراستەی وێنە درامییەکان بکرێت کە هاوسەنگی و میزانسێنی تێدا بێت تاوەکو بەیەکسانی تیشکی ڕووناکی بەر ئەکتەر و کەرەستەکانی تەکنیکی هونەری بکرێت. (رشید، 2013: 156)

## 4. ڕۆڵی ڕووناکی و ڕەنگ لە دەرخستنی قووڵاییدا:

لەڕێی ڕووناکییەوە هەست بە دووری یان قوڵایی نێوان دوو پێکهاتە دەکەین لەناو شۆتێکدا. دووری نێوان پێکهاتەکان لەیەکتری وەکو دووری نێوان ئەکتەر و دیوارێک، یان دووری نێوان دوو باڵەخانە لەیەکتری، واتە هەموو ئەو پێکهاتانەی دەکەونە ناو شۆتێک لەڕێی ڕووناکی لەیەکتر جیا دەکرێنەوە، لێرەدا کوالێتی کامێرا ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە بەدەرخستنی قووڵایی.
بەشێوەیەکی گشتی ڕەنگە گەرمەکان بەهۆی ڕووناکییەوە لە قووڵاییەکی دوورەوە بەجوانی بەدەردەکەون، بەڵام ڕەنگە ساردەکان هەندێک جار لە قووڵاییدا ڕەنگە سەرەکییەکەی خۆیان لەدەست دەدەن، هەربۆیە پێویستە بەهۆی کامێراوە لە مەودای دووردا ڕەنگە گەرمەکان بەکاربهێنرێت تاوەکو لە چاوی بینەردا بەجوانی ببینرێن. (راضی، 2005: 146)

## 4-2 - کاریگەری درامی لە ڕووناکی و ڕەنگدا:

رووناکی و رەنگ لە سینەمادا بەدوو رەگەزی تەکنیکی گرنگی بەرهەمهێنانی فیلم دادەنرێت و کاریگەری لەسەر چۆنیەتی وێنەگرتن هەیە. هەربۆیە لە فیلمسازیدا تیمێکی تایبەت کاردەکەن لەسەر دانانی رووناکی، کەهەوڵ دەدەن بەشێوەیەکی میزانسێن تیشکی رووناکی بەسەر تەواوی فەزای

لۆکەیشـندا دابەش بکەن و سـێبەر لەسـەر جەسـتەی ئەکتەرەکان پارچەکانی دیکۆر و ئیکسـسـوار نەهێڵن و هەموویان بەجوانی دەربکەوەن. (عبدالباسط، 2005: 9)

ڕەنگ دیاردەیەکی گشتی فیزیکە، سروشت و ڕووناکی چاوگی سەرەکییەتی و ئەمەش بەهۆی ئەو تیشـکانەی ڕەنگی ئەو شـتانە وەردەگرن کە بەریدەکەون، چ بە وەرگرتن و چ لە لێکۆڵینەوە لە ڕێگای چاوەوە ڕەنگەکان بەهۆی ڕووناکییەوە دەبینین و بەهۆی ئەو دەمارانەی پەیوەسـتی بنکەی بینین لەناو مێشکدا لێکدەدرێنەوە و لەیەکدی جیا دەکرێنەوە و دەناسرێنەوە.

سـەبارەت بەو وتەیەش. کە ڕەنگ دیاردەیەکی سـروشـتییە، دیاردەیەکە کە دەبینرێ، یان ئەوەتا، هەسـتییە و هەسـتی پێ دەکرێت. (سـالار، 2009، 65). بۆ یەکەم جار لە مێژووی زانسـتی ڕەنگدا لەلایەن زانانانی فیزیکۆلۆژیاوە، کە هەستان بە کۆمەڵە تاقیکردنەوەیەک لەسەر بابەتی شیکردنەوە و شـیتەڵکاری تیشـکی خۆر و ڕەنگەکانی شـەبەنگەخۆری، ڕەنگەکانی (پەلکەزێڕینە)ی دەسـتکەوت، کە بریتین لە حەوت ڕەنگە سـەرەکییەکە. بەم ئەزموونە زانسـتییەی (نیوتن) تیۆری (ڕەنگی سـپی) پووچەڵکرایەوە، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی ئاوێزە شووشەییەوە، کاتێ ڕەنگە سپیەکەی خۆر چووە ناو ئاوێزەکەوە، گۆڕانی بەسـەردا هات و تەنها بە ڕەنگە سـپیەکەوە نەمایەوە، بەڵکو شـی بوویەوە. ئەوەی نواند کە تەنها کاری ئاوێزەکە شـیکردنەوە و جیاکردنەوەی بووە کە نەک گۆڕینی ئەو کۆمەڵە ڕەنگەش ئەو حەوت ڕەنگە سـەرەکییەن، بە زادەی تیشـکی خۆر ناودەبرێن. ڕەنگەکانیش ئەمانەن: سـوور، نارنجی، زەرد، سـەوز، شـین، نیلی، وەنەوشـەیی، بەم هەنگاوە دەروویەکی گەلێک فراوان بەڕووی جیهانی ڕەنگدا کرایەوە. (سالار، 2009، 66)

لە فیلمی سینەماییدا ڕووناکی و ڕەنگ وەک دوو ڕەگەزی سەرەکی بەشدارییەکی کاریگەر دەکەن لە بونیادی درامی فیلمدا، لە سـیناریۆی جێبەجێکاریدا پێویسـتە سـیناریسـت ئاماژە بە کات و شـوێن و شـێوازی ڕوونـاکی و ڕەنگەکـان بکـات لەنـاو دیمەنە درامییەکـان و ڕووداوەکـانـدا، چونکە بەپێی تێپەڕبوونی سـاتەکان ڕووناکی و ڕەنگ گۆڕانکارییان بەسـەردا دێت بەپێی جۆری لۆکەیشـنەکان. هەربۆیە ڕووناکی و ڕەنگ هەروەکو دوو سـیمبولی سـەرەکی ڕۆڵی خۆیان دەبینن لەناو شـێوە و ناوەڕۆکی فیلمی سینەماییدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە فیلمی سینەماییدا ڕوناکی و ڕەنگ وەکو دوو ڕەگەزی سەرەکی ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە هاوکێشەی پێکهاتەی بونیادی درامی لە فەزای سینەمادا، چونکە لە دەستپێکی هەر فیلمێکدا کە ڕووناکی وێنە بینراوەکان ڕۆشن دەکاتەوە بینەر چاوی بە ڕەنگەکانی تابلۆ و وێنە دراماییەکان دەکەوێت و هەست بە بینراوە وێنەییەکان دەکات و بەشێوەیەکی سایکۆلۆژی هەستەکانی دەجوڵێنێت.

توێژینەوە دەروونیەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە چێژوەرگرتن لە کەرەستە بینراوەکان و ڕەنگەکان هەست و سۆز دەجوڵێنن و هەندێکجار بینەر تووشی هەڵچوون دەکەن و هەندێکجاریش دڵ و دەروونیان هێمن دەکاتەوە کە ئەمەش کردارێکی درامیە و کار و کاردانەوەی هەیە لە فیلمی سینەماییدا، (صالح، 1982: 91) ئەگەر لە ڕوانگەی شێوە و ناوەڕۆکدا سەیری پێکهاتەکانی کۆمپۆزەیشنی فیلم بکەین دەبینین ڕوناکی و ڕەنگ کاریگەریەکی تەواوی هەیە لەسەر دیاری کردنی ریتمی دیمەنەکان و فیکر و فەلسەفەی فیلم و تەبایی و تەوازن لەنێوان بینراوەکانی هەی وەکو کەرەستەکانی دیکۆر و جل و بەرگ و ئارایشت و ئێکسسوار.

سەرجەم ڕەگەزەکانی تەکنیکی و هونەری و جوڵەی ئەکتەر و ئاوێتەبوونی سەرجەم ڕەگەزەکانی سینۆگرافیا لەچوارچێوەی بونیادی درامی کە سەرئەنجام میزانسێنی ڕادەگرن. (راضی، 2005: 32). روناکی و رەنگ ڕۆڵی کاریگەر دەبینن لە دیارخستنی ڕووداو و ململانێ دراميەکان بە ئاراستەی لوتکە، چونکە ڕەنگەکانی روناکی و دیکۆر و جل و بەرگ ئاماژەیەکی گرنگن بۆ بەهێماکردنی سایکۆلۆژیای بونیادی درامی لە دیمەنەکاندا.

هەر بۆیە هەڵبژاردنی ڕەنگەکان دەبێت لەسەر بنەمایەکی زانستی و هونەری بێت و ڕەنگدانەوەی حاڵەتە دراميەکان بێت. ڕەنگە گەرمەکان بەهای کاریگەرە دراميەکان بەرزدەکەنەوە بەتایبەتی لەو دیمەنانەی کە ململانێی توندی تێدایە، بەڵام دیمەنە ڕۆمانسیەکان یان ئەو دیمەنانەی شێوازی فیکرین پێویستیان بە ڕەنگە ساردەکان هەیە تاکو لە هەردوو جۆردا بینەر چێژی لێ وەربگرێت و کاریگەری لەسەر هەست و نەستی دروست بکات. (هاملتون، 2006: 70). لە نمایشدا دانانی ڕەنگەکانی روناکی و دیکۆر و جلوبەرگ و ئارایشت و ئێکسسوار دەبێت بەشێوەیەک بێت گوزارشت لە ناوەڕۆکی بابەت بکات و کردارە دراميەکان بەدەربخات، ئاشکرای بکات بۆ بینەر گونجاندنی نێوان ڕەنگی ڕەگەزەکانی کۆمبۆزەیشن مەرجێکی سەرەکیە لەگەڵ ڕەچاوکردنی لایەنی سایکۆلۆژی وێنە و دیمەنە دراميەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاوکات دابەشکردنی روناکی بەشێوەی کز یان گشتی لە چوارچێوەی فەزای نمایشدا لەسەر بنەمای هونەری بێت و ببێتە مایەی ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکان و ململانێ درامیەکان، لە هەندێک نمایشـــدا روناکی و رەنگ دەبنە جێگرەوەی دیکۆر و لە پانتایی بۆشـــدا ئەو فەزایە دەردەخەن کە دیمەنەکە بەڕێوەدەبات و ڕۆشـــنایی دەخاتە ســـەر وێنەکان لەســـەر شـــێوەی تابلۆی جوولاو، بۆ دەرخســـتنی کەسایەتی ئەکتەر تیشکی روناکی و رەنگ تەنها ئاراستەی جەستەی ئەکتەر دەکرێت بۆ ئەوەی بینەر فیکر و خەیاڵی تەنها لەســـەر ئەکتەرەکە بێت، لەکاتی جوولەشـــدا چاودێری بکات ئەمەش لەو دیمەنانەدا بەکاردەهێنرێت کە ئەکتەر جووڵە و دیالۆگی راستەوخۆ ئاراستەی بینەر دەکات و پەیامی خۆی دەگەیەنێت.

جوڵەی روناکی و رەنگ لە نمایشـــدا پەیوەســـتە بە ســـتایلی دەرهێنان، لە تەکنیك نوێدا هەموو گۆڕانکاریەکانی روناکی و رەنگ بەستراوەتەوە بە شێوەی دابەشکردنی روناکی و رەنگ و دابەشکردنی رەنگەکانی روناکی بە ســـارد و گەرم و ڕێژەی چڕی و خەســـتی ئەم تیشـــکەی ئاراســـتەی ئەکتەر و بینراوەکان دەکرێت لەگەڵ دژە ڕەنگ و ڕێژەی تێربوونی ڕەنگەکان بۆ هاوتەریب بوونی تێڕوانینی سەنتەری بینین، کە لە خاڵێک یان لە چەند خاڵێک کۆ دەبێتەوە.

هەموو گۆڕانێکی جوڵەی ئەکتەر پێویســـتی بە گۆڕان و جوڵەی روناکی و رەنگ هەیە تاکو بەشـــدار بێت لە پێکهاتەی بونیادی شێوە و تابلۆ بەشێوەیەکی فیکری و ئیستاتیکی. (أعطية، 2012: 65)

### 1-3 - کۆمەڵگەی توێژینەوە

لەمیانی ئەم توێژینەوەیەدا وەکو نموونە فیلمی (Titanic) شی دەکەینەوە کە بەشێوەیەکی زانستی تەکنیك و تەکنەلۆژیای ســینەمایی لەناو ســتۆدیۆدا بەکارهێناوە کە ڕۆڵی ڕووناکی و ڕەنگ کاریگەری هەیە لەسەر پێکهاتەی بەرهەمهێنانی فیلمەکەدا کە فیلمێکی ناسراوە.

2-3 - ئامرازی توێژینەوە:

1- بینینی فیلمە سینەماییەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەناو هۆڵە سینەماییەکان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان، تیشک خستنەسەر تەکنیك و چۆنیەتی بەکارخستنی روناکی و رەنگ لە فیلمی سینەماییدا.

2- بینینی فیلمە سینەماییەکان لە ڕێگەی سی دی.

3- بینینی فیلمە سینەماییەکان لە ڕێگەی یوتوب.

4- بینینی فیلمە سینەماییەکان لە ڕێگەی سایتە تایبەتمەندەکانی سینەما

3-3 - میتۆدی توێژینەوە: توێژەر میتۆدی شیکاری وەسفی بۆ توێژینەوەکە بەکارهێناوە.

4-3 - نموونەی توێژینەوە : توێژەر بۆ تیشک خستنە سەر رووناکی و رەنگ وەکو نمونە فیلمی سینەمایی ( Titanic) شی دەکاتەوە لەسەر بنەمایەکی فیکری و زانستی و هونەری و ئیستاتیکی.

5-3 - ناوەرۆکی فیلمی (Titanic):

فیلمی "تایتانیک" بە گەڕان بەدوای پاشماوەی کەشتیی RMS Titanic دەست پێدەکات. کۆمەڵێك بازرگانن بەدوای ملوانکەی بەنرخدا دەگەڕێن کە بە دڵی زەریا ناســراوە و پێدەچێت لەناو خەزێنەی کەشــتییەکەدا بێت. بەڵام تابلۆی ژنێکی گەنج دەبیننەوە کە ملوانکەکەی لە ملدایە، ئەمەش وایان لێدەکات باوەڕیان بەوە هەبێت کە ڕەنگە هێشتا لەسەر کەشتییەکە بێت.

ژنێک بە ناوی ڕۆز داوســن کالڤێرت کە بانگەشــەی ئەوە دەکات ئەو کەســەیە لە تابلۆکەدا هاتووە، پەیوەندی بە تیمی لۆڤێتەوە دەکات. ئەو یادەوەرییەکانی خۆی لەبارەی گەشــتە بەدبەختەکەی واە یەکەمین گەشــتە بەدبەختەکەی کەشــتی تایتانیک لە ســاڵی ١٩١٢دا باس دەکات، دواتر فیلمەکە دەگوازرێتەوە بۆ ڕابردوو.

لە ساڵی ١٩١٢دا، گەنجێکی ئەرستۆکراتی بەناوی ڕۆز دیویت بوکاتێر لەگەڵ دەزگیرانە دەوڵەمەندەکەی بەناوی کال هۆکلی و (ڕوت)ی دایکی ســواری کەشــتی تایتانیک دەبن. ســەرەڕای شــێوازی ژیانی خۆشــگوزەرانی، ڕۆز هەســت بە خنکاندن و گوشــاری کۆمەڵگا دەکات و تامەزرۆی ئازادییە. جاک داوسن، هونەرمەندێکی بێ پارە، بلیتی پلە سێی بۆ سواربوونی کەشتی تایتانیک بەدەست دەهێنێت. جاک و ڕۆز گەشتەکەیان بەرێ دەکەن کاتێک جاک لە هەوڵی خۆکوشتن ڕزگاری دەکات ڕۆمانسیەتێکی پڕ لە ســۆز پەرە دەســتێنێت. بەڵام خۆشــەویســتییان ڕووبەڕووی چەندین تەحەدا دەبێتەوە، لەوانە پەسەندنەکردنی کۆت و بەند و پلەبەندییە کۆمەڵایەتییە ڕەقەکانی ناو کەشتییەکە.

لە کاتێکدا کەشــتی تایتانیک بەرەو چارەنووســی کارەســاتبارەکەی دەڕوات و بەر شــاخێکی ســەهۆڵین دەکەوێت و نوقم دەبێت، جاک و ڕۆز دەبێت لە ئاژاوە و مەترســییەکەدا دووربکەونەوە بۆ ئەوەی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بژین. فیلمەکە بە شێوەیەکی زیندوو دابەشکارییە چینایەتییە توندەکانی نێوان سەرنشینەکان و ئەو بوێرییە نیشان دەدات کە تاکەکانی ڕووبەڕووی کارەساتەکە نیشانی دەدەن.

لوتکەی فیلمەکە لە کاتی نوقمبوونی کەشتییەکەدا ڕوودەدات، جاک خۆی دەکاتە قوربانی بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتی ڕۆز. لە کۆتاییدا ڕۆز بە بەلەمێکی ڕزگارکەر ڕزگار دەکرێت و فیلمەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئێستا.

لە هێڵی چیرۆکی هاوچەرخدا، ڕۆزی بەساڵاچوو ئاشکرای دەکات کە بە درێژایی ئەم ماوەیە ملوانکەی دڵی زەریای هەبووە. دەیخاتە ناو دەریاوە، هێمای داخستنی و وازهێنان لە ڕابردووە. فیلمەکە بەو شێوەیە کۆتایی دێت کە ڕۆز بە ئاشتیانە لە خەودا کۆچی دوایی دەکات.

فیلمی "تایتانیک" بەناوبانگە بە دیمەنە سەرسوڕهێنەرەکانی و ڕۆمانسیەتی ئیپیکی و وردبینی مێژوویی لە وێناکردنی ڕووداوە دڵتەزێنەکانی دەوروبەری نوقمبوونی کەشتی تایتانیک. فیلمەکە سەرکەوتنی ڕەخنەگران و پیشەسازی سینەمای هەیە و چەندین خەڵاتی بەدەستهێنا، لەنێویاندا ١١ خەڵاتی ئۆسکار.

### 6-3- چۆنیەتی بەکارخستنی ڕووناکی و ڕەنگ لە فیلمی (Titanic):

بەکارهێنانی ڕووناکی و ڕەنگ لە فیلمی "تایتانیک"ی جەیمس کامیرۆن لایەنێکی بەهێز و بەرچاوی گێڕانەوەی چیرۆکە، هاوکات بەشداری لە کەشوهەوای گشتی و مەزاج و جەختکردنەوە لە گێڕانەوەکەدا دەکات. لێرەدا چەند ڕەگەزێکی سەرەکی لە جوانییەکانی ڕووناکی و ڕەنگ لە فیلمدا دەخەینەڕوو:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**1. هەست و سۆز:**



جێمس کامیرۆن بەشێوەیەکی ستراتیژی ڕووناکی و ڕەنگ بەکاردەهێنێت بۆ هێماکردنی هەست و مەزاجەکان بە درێژایی فیلمەکە. تۆنەکانی گەرم و زێڕین لە کاتی دیمەنە ڕۆمانسیەکاندا، وەک ئەوانەی لە نێوان جاک و ڕۆزدا هەن، هەستێکی ئینتیما و ناسکی ورووژێنن. لە بەرامبەردا ڕووناکی سارد و توند لە کاتی دیمەنەکانی نوقمبووندا، دراما و بەپەلەیی چڕتر دەکاتەوە. وەك لەم دیمەنەدا دەردەکەوێت.

**2-جیاوازی چینایەتی:**

لە فەزای فیلمی (تایتانیک) ڕەنگی جیاواز بەکارهێنراوە بۆ تیشک خستنە سەر دابەشبوونی پۆلەکان لەسەر کەشتی تایتانیک. دەوڵەمەندی ناوچە پلە یەکەکان بە ڕەنگی دەوڵەمەند و زیندوو تایبەتمەندە، لە کاتێکدا بەشە پلە نزمەکان تۆنی بێدەنگ و ساردتریان تێدایە. ئەم جیاوازییە جەخت لەسەر جیاوازییە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکانی نێوان سەرنشینەکان دەکاتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 3. دیزاینی جلوبەرگ:

ئەو جلوبەرگانەی کە کارەکتەرەکان لەبەری دەکەن بە وردی دیزاین کراون بۆ ئەوەی تەواوکەری ڕەنگی دیمەنە تایبەتەکان بن. بۆ نموونە جل و بەرگی شین و ئایکۆنی ڕۆز لە بەرامبەر تۆنەکانی گەرم و گوڕ و گەرمی ژینگەکانی چینی سەرەوەدا جیاوازە، کە هێمای تاکایەتی و یاخیبوونی لە چینەکانی کۆمەڵایەتییە. وەك لەم دیمەنەدا دەردەکەوێت.



### 4. پێشبینیکردنی بینراو:

بەکارهێنانی ڕووناکی و ڕەنگ ڕۆڵی هەیە لە پێشبینیکردی ئەو بینراو و ڕووداوە دڵتەزێنانەی کە ڕوودەدەن. شەوی سارد و مانگ ڕووناک لە کاتی پێکدادانی شاخی سەهۆڵین و دواتر نوقمبوونی بە ڕەنگێکی شین وێنەدەگیرێت، کەشێکی ترسناک و پێشبینیکەر دروست دەکات.

5. کات لە فیلمی تایتانیکدا:


فیلمەکە تێکەڵەیەک لە ڕووناکی سروشتی و دەستکرد بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕەسەن شێوازی بینراوی سەرەتای سەدەی بیستەم بگرێتەوە. ئەو ڕووناکیە گەرمەی کە لە ناوەوەی کەشتییەکەدا بەکاردەهێنرێت، ڕەنگدانەوەی تەکنەلۆژیا و جوانکارییەکانی ئەو سەردەمەیە.

6. ڕەنگدانەوەی سۆزداری:

لە ساتەوەختە سۆزداری و سەرەکییەکاندا، ڕووناکی بە وردی دروست دەکرێت بۆ ئەوەی کاریگەری دیمەنەکان بەرز بکاتەوە. بۆ نموونە بەکارهێنانی ڕووناکی نەرم و بڵاوبووەوە لە کاتی ساتەکانی ڕۆمانسی لە نێوان جاک و ڕۆزدا و هەروەها پەیوەندی سۆزداری نێوان کارەکتەرەکان چڕتر دەکاتەوە، وەك لەم دیمەنەدا دەردەکەوێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**7. تەکنیکەکانی سینەما:**



بەڕێوەبەری فۆتۆگرافی ڕوسیل کارپێنتەر تەکنیکە جیاوازەکانی سینەماکاری بەکارهێناوە، لەوانە کۆنترۆڵکردنی بارودۆخی ڕووناکی و پلەبەندی ڕەنگەکان، بۆ بەدەستهێنانی کاریگەرییە بینراوە خوازراوەکان. ئەمەش بە بەکارهێنانی سەرچاوەی ڕووناکی پراکتیکی لەسەر سێت بۆ دروستکردنی کەش و هەوایەکی دراماتیکی بەشێوازی ڕۆمانسی و بەدیارخستنی ڕووداوە دڵتەزێنەکان.

گرنگیدانی بە وردەکارییەکان لە بەکارهێنانی ڕووناکی و ڕەنگ لە فیلمی "تایتانیک"دا بەشدارە لە دەوڵەمەندی بینراوی فیلمەکە و یارمەتیدەرە بۆ گەیاندنی قووڵایی سۆزداری چیرۆک. هەروەها کۆنتراستی تۆنەکان و ئەو هێماسازییەی کە پەیوەستە بە ڕەنگە جیاوازەکانەوە، پەیوەندی بینەر لەگەڵ کارەکتەرەکان و چوارچێوەی مێژوویی گێڕانەوەکەدا بەرز دەکاتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی ڕووناکی و ڕەنگ لە فیلمی (تایتانیک) ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە خوڵقاندنی کەش و هەوای درامی و ناساندنی کەسایەتییەکان لە ساتە جیاوازەکانی ژیان و مەرگدا.

## 1-4 - دەرئەنجام

لە ئەنجامی توێژینەوەمان لە جوانیەکانی رووناکی و رەنگ لە فیلمسازیدا توێژەر گەیشتە دەرئەنجامی توێژینەوەکە کە لەم خاڵانەی خوارەوە خۆی دەبینێتەوە.

1- بەپێی سەردەم و کاتی جیاواز و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایی جوانیەکانی رووناکی و رەنگ، گۆڕانکاری بەسەر دا هاتووە و بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیووە.
2- جوانیەکانی ڕووناکی و ڕەنگ لە فیلمی (تایتانیک) وەکو هێما و ئاماژە و دەلالەتی سیمۆلۆژی و فسیۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە.
3- جوانیەکانی ڕووناکی و ڕەنگ ڕۆڵی کاریگەر دەبینن لە بونیادی درامی و گەیشتنی چیرۆکی فیلمەکە بەشێوەیەکی ریالیزمی نوێ.
4- جوانیەکانی رووناکی و ڕەنگ بەشێوەی هارمۆنی و کۆنتراست بەسەر وێنە دراميیەکان دابەش کراوە بەشێوەیەک کە بینەر لەکاتی سەیر کردندا چێژێکی ئیستاتیکی لێ وەردەگرێت.

## 2-4 – پێشنیارەکان

لەمیانی ئەم توێژینەوەیەدا توێژەر ئەم پێشنیارانە دەخاتە ڕوو:

- بۆ سەرکەوتن و بەرهەمهێنانی کاری هونەری سەرنجراکێش و پڕبەها پێویستە دەرهێنەر و بەرهەمهێن ئەو هونەرمەندانە ڕاسپێرن بە دانانی رووناکی و رەنگ بۆ فیلمەکانیان کە گوزارشت لە شێوە و ناوەرۆکی فیلمە بکات و گرنگیدان بە رووناکی و چێژی بینین لە ناوەندە ئەکادیمییەکان و پێگەیاندنی کادری پسپۆر لەم بوارەدا.
- پێشنیار دەکەین فیلمی تایتانیک لە ناوەندە ئەکادیمی و هونەرییەکان نمایش بکرێت وە گفتوگۆی ڕەخنەیی و هونەری لەسەر ئەنجام بدرێت بەتایبەتی بۆ قوتابیانی هونەر و هونەرمەندانی بواری سینەما.

## سەرچاوەکان:

### یەکەم: سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:

1. سالار، ئەحمەد، (2009) ڕەنگ لە ڕەنگداندا، بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری، سلیمانی.
2. مەسعود، مەریوان، (2021) کۆماری ژیان دۆستی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سارا، سلێمانی.

### دووەم: سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

3. الألفي، أبو صالح، (1973) الموجز في تأريخ الفن العام، الهيئة المصرية للكتاب، القاهرة.
4. هاملتون، عثمان، (2006) تصميم المسارح عبر العصور، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة
5. حيدر, كاظم، (1984) التخطيط والألوان، وزارة التعليم العالي والبحوث العلمي، بغداد.
6. بومنير، كمال (د)، (2016) الفلاسفة والالوان، دار كنوس المعرفة للنشر و التوزيع، عمان.
7. سارة، رماضنية، (2019) دلالات اللون في الديكور السينمائي، جامعة جيلالي ليابس، الجزائر.
8. سلمان، عبدالباسط،(2005) سحر التصوير فن واعلام، ط1، الدار الثقافية للنشر، القاهرة.
9. عبدالباسط, سلمان، (2005) سحر التصوير فن والعلام، دار الثقافية للنشر. القاهرة.
10. عطية، أحمد سلمان، (2012) الإتجاهات الإخراجية الحديثة، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان.
11. عبدالوهاب، شكرى، (2008) القيم التشكيلية والدرامية للون والضوء، مؤسسة حورس الدولية، الأسكندرية.
12. فيشر، أرنست، (1973) الفن والإشتراكية، تر. أسعد حليم، دار القلم، بيروت.
13. صالح، قاسم حسين، (1982)، سايكولوجية ادراك اللون والشكل، دار الرشيد للنشر، بغداد.
14. راضي، ماهر(د)، (2005) فن الضوء، المؤسسة العامة للسينماء، دمشق.
15. رشيد, كريم، (2013) جماليات المكان فی العرض المسرحي المعاصر، دار و مكتبة عدنان، بغداد.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The Beauties of the Use of Light and Color in Cinema, explores the film (Titanic)

**Asst. Lect. DANA MOHAMMED ABDULLA**
Department of Cinema and Theatre art, College of Fine Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email: Dana.abdulla@su.edu.krd

**Asst. Prof. Dr. ZHILWAN TAHIR BAPIR**
Department of Cinema and Theatre art, College of Fine Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email:zhilwan.bapir@su.edu.krd

**Keywords**: *Aesthetics, Color, Light, Film Cinama, Titanic.*

## Abstract

This study, titled The Beauties of the Use of Light and Color in Cinema, explores the film Titanic as an example. It is a descriptive and analytical study focusing on the artistic and scientific use of light and color in cinema. Light and color are vital elements that play a significant role in conveying the film's purpose and message to the audience. Through the strategic use of imagery, light, and color, viewers can discern the film's genre, whether it is tragic, comedic, romantic, social, or emotional. The study consists of four sections. The first section addresses the research methodology, including the research problem, significance, objectives, and limitations. The second section provides the theoretical framework, divided into four themes: the value of light and color in social life, the symbols of light and color, the role of light and color in cinema, and the dramatic effects of light and color. The third section focuses on the research application, detailing the research community, methodology, tools, and examples, with an analysis of the film Titanic, written and directed by James Cameron. Finally, the fourth section presents the results, recommendations, and a list of references.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# جمالية توظيف الضوء واللون في السينما
# فيلم (تايتانك) انموذجا

**ملخص :**
في هذه الدراسة التي تحمل عنوان (جماليات استخدام الضوء واللون في السينما )، فيلم تيتانيك نموذجا، وهي دراسة وصفية تحليلية، تركز على جماليات استخدام الضوء واللون في السينما. فمن الجدير بالذكر أن الضوء واللون نوعان مهمان جدًا، حيث يجب التعبير عنهما فنيًا وعلميًا في السينما. كما ان هذه الدراسة تهدف إلى إيصال اهداف الفيلم ورسالته إلى الجمهور، من خلال الصور والأضواء والألوان، وهنا سيتعرف الجمهور على نوعية الفيلم، سواء اكان تراجيديًا أو كوميديًا أو رومانسيًا أو اجتماعيًا أو عاطفيًا.
يتكون هذا البحث من أربعة فصول، الفصل الأول هو ( منهجية البحث )يتكون من (مشكلة البحث، أهمية البحث، أهداف البحث، حدود البحث). أما الفصل الثاني فيتالف من ( الإطار النظري ) للبحث والذي يتكون من أربعة محاور (المبحث الاول قيمة الضوء واللون في الحياة الاجتماعية، المبحث الثانيرموز دلالات الضوء واللون، المبحث الثالث دور الضوء واللون في السينما .
أما الفصل الثالث فيتكون من ( اجراءات البحث ) والذي بدوره يتالف من مجتمع البحث ومنهجية البحث وأدوات البحث ونماذج البحث، والذي هو عبارة عن تحليل لفيلم تيتانيك من تأليف وإخراج جيمس كاميرون. أما الفصل الرابع والأخير فيعرض النتائج والمقترحات وقائمة المصادر.